# خـەڵاتـی نـۆبـڵ

وەرگێڕان و نووسینی: فەهد گردەوانی

**زنجیرەی پێنجەم**

خەڵاتی نۆبڵ : ئەفریقیای باشوور ساڵی 1991
نادین گۆردیمەر ( Gordimer Nadine)

نادین لە خێزانێکی یەهوودی لە 20 نۆڤەمبەر 1923 لە ناوچەی سپرینگ (Springs ) نزیک یوهانیسبۆرگ (Johannesburg ) لە دایک بووە...باوکی لیتوانی یە و دایکی ئینگلیزە...یەکەم جارساڵی 1949 شووی بە (G.Gavron ) کردووە و کچەکی لێبووە ، پاشان لەساڵی 1954 شووی بە بازرگانێکی یەهوودی کردووە ناوی (Reinhold Cassirer)ە، کوڕەکی لێبووە...لە دانشگای خوێندووە و لە ماڵەوەش زمانی ئینگلیزی بووە بە زمانی پەیڤین چونکە دایکی ئینگلیز بووە.لە تەمەنی 15 ساڵان یەکەم نۆڤلی لە رۆژنامە بلاوکردەوە...لە ساڵی 1949 کۆمەڵە کورتە چیرۆکی بەناوی روو بە روو( Face to Face) چاپکرد....بە 30 زمان بەرهەمەکانی بڵاوکراوەتەوە...زیاتر لە 15 جاران دوکتورای شانازی پێشکەش کراوە... کۆمەڵێک خەڵاتی جۆرا و جۆری وەرگرتووە... کاتێ رژێمی ئاپەرتاید روخا لێیان پرسی دەربارەی چی دەنووسی ئەوا رژیمی ئاپەرتەید(رەگەزپەرستی)نەما، لە وەڵامدا نادین گووتی بە نەمانی ئەپارتەید ژیان کۆتایی نایەت ، ژیانی نوێ دەست پێدەکات. ...زیاتر لە 200 کورتە چیرۆک و دەیان نۆڤل ورۆمان و چەند بەرگی لە پەخشان و بابەتی جۆراو جۆر بڵاوکردۆتەوە... هەندیک لە بەرهەمەکانی :میوانی بەرێز( Guest of Honour)...کچی بەرگر(Burgers Daughter ) ..چیرۆکی کوڕەکەم ( May Sons Story ) .. چەکی ماڵ (The House Gun )..دیدارێکی کورت (The Pick up ) گەلی جولیا (Julys people )...هتد .

### ئەو ژنانەی خەڵاتی نۆبڵیان لە ئەدەب وەرگرتووە :

1ـ 1909سوید ... سەلما لاگەرلۆف ( öSelma Lagerl) ناوی راستەقینەی خوی (föselma ottilia lovisa lagerl)لە ناوچەی ڤارملاند { ärmlandV }لە ئۆسترا ئیمترڤیک { Ä sraÖkiv mter}کە سەر بە شارەوانی سونە { ennuS}یە لە 1858/11/20 لە دایک بووە...لە ساڵی 1914 بووە ئەندامی ئەکادیمیای سوێد ...لە ساڵی 1634 یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی پارتی گەل { itrapkloF}...لە 1940/3/16 کۆچی دوایی کردو لە گۆڕستانی مۆرباکا {åM rbacka}نێژراوە...ئێستاکەش بۆ ریزگرن لەو نووسەرە وینەی سەلما لەسەر پارەی 20کرۆنی سویدی یە.





2ـ 1926ئیتاڵیا ... گرازیا دیلیدا (Grazia Deledda ) لە رێکەوتی 1871/9/27 لە شاری نورو ( Nuro)لە ناوچەی ساردینا( Sardinia) لە دایک بووە...لە 1936/8/15 کۆچی دوایی کردووە)

3ـ 1928 نەرویج... سیگرید ئوندسیت (Sigrid Undset) لە رێکەوتی 1882/5/20 لە کالوندبوری {grobdnulaK } لە دانیمارک لەدایک بووە...دژی رنازیەکان بووە ،لەکاتی شەری جیهانی دووەم لە ئەمریکا دەژیا...لە 1949/6/10 لە لیلەهامار {remmahelliL}ی نەرویج کۆچی دوایی کردووە.



4ـ 1938 ئەمریکا...پێرڵ باک (Pearl Buck ) لە 1892/6/26 لە هیلسبورۆ{orobslliH} لە ڤیرگینیا لە دایک بووە...لە چین گەورە بووە و ژیاوە ...لە ریکەوتی 1973/3/6 لە دانبی {ybnaD } کۆچی دوایی کردووە.



5ـ 1945شیللی... گابرێلا میسترال ( Gabriela Mistral -godoy alcayaga lucila 1889 - 1957)ـ



6ـ 1966 ئەڵمانیا... نێلی ساشس ( Nelly Sachs )لە( 1891-12-10 ) لە بەرلین لە دایک بووە ...لە 1940/5/16 لەگەڵ دایکی وەکو پەناهەندە هاتۆتە سوید ...لە شاری ستۆکهۆڵم رێکەوتی ( 1970-5-12)کۆچی دوایی کردووە.



7ـ 1991ئەفریقیای خواروو...نادینا گوردمیر(Nadine Gordimer) لە رێکەوتی 20-11-1923 لە دایک بووە.



8ـ 1993ئەمریکا... تونی موریسۆن ( Toni Morrison )لە رێکەوتی ( 18 – 2 – 1931) لە دایکبووە.



9ـ1996پۆلۆنیا... ڤیسلاف شیمبورسکا (Wislawa Szymborska ) لە نزیک پۆزنان



{nanzoP}لە بنین{ ninB } لە رێکەوتی 1923/7/2 لەدایک بووە...لەساڵی 1931 دایک باوکی گواستیانەوە بۆ شاری کاراکۆڤ{wokaraK} هەتا ئیستاکەش هەر لەوێ دەژی...یەکەم شیعری بەناوی{لە ووشە دەگەڕێم} لە ئاداری 1945 بڵاوکردەوە...لە 1955هەتا 1981 لە گۆڤارەکی ئەدەبی کاری کردووە.

10ـ2004 نەمسا...یەلینیک ئیلفریدا ( Jelinek Elfriede) لە رێکەوتی ( 20-10-1946) لە دایک بووە .



هەتا ئەمڕۆ هیچ ژنێک خەڵاتی نۆبڵی لە بواری ئابووری وەر نەگرتووە.بەڵام لە بوارەکانی تر خەڵات کراون .

ئەوانەی دووجار خەڵاتی نۆبڵیان وەرگرتووە

لە ساڵی 1901 یەکەم جار خەڵاتی نۆڵ دابەشکرا...لەوکاتەوە تا ئەمڕۆکە چوار کەس دوو جار ئەو خەڵاتەیان وەرگرتووە....بەڵام لە بواری ئەدەبدا هیچ نووسەرێک دووجار خەڵاتی نۆبڵی وەرنەگرتووە.

**ئەوانەی دووجار خەڵاتی نۆبڵیان وەرگرتووە**:

1ـ ماریا کوری { eiruC eiraM }

لە پۆڵۆنیا لەدایک بووە 1867 ـ 1934.
ساڵی 1903 لە فیزیا خەڵاتی نۆبڵی وەرگرتووە.
ساڵی 1911 لە کیمیا خەڵاتی نۆبڵی وەرگرتووە.

2ـ لینوس پاولینگ { gniluaP suniL}
لە ئەمریکا لەدایک بووە 1901/2/28 ـ 1994/8/19
ساڵی 1954 لە کیمیا خەڵاتی نۆبڵی وەرگرتووە.
ساڵی 1962 کارکردن لە پێناوی ئاشتی خەڵاتی نۆبڵی وەرگرتووە.
3ـ جۆن باردین { needraB nhoJ }
لە ئەمریکا لە دایک بووە 1908 ـ 1991.
ساڵی 1956 لە فیزیا خەڵاتی نۆبڵی وەرگرتووە.
ساڵی 1972 لە فیزیا دووبارە خەڵاتی نۆبڵی وەرگرتەوە.
4 ـ فرێدریک سانگیر { regnaS kcirederF }
لە ئینگلستان لە 1918/8/13 لە دایک بووە.
ساڵی 1958 لە کیمیا خەڵاتی نۆبڵی وەرگرتووە.
ساڵی 1980 لە کیمیا دووبارە خەڵاتی نۆبڵی وەرگرتەوە.